### خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی

# خەلیل حاوی، نامەکانی خۆشەویستی و ژیان




خوێندنەوەی: عیسا چیایی

ئەم کتێبە، لەبەیروت و لەلایەن دەزگای (النضال)ـەوە ساڵی (١٩٨٧)...چاپی یەکەم...چاپ وبڵاوکراوەتەوە، بەبێ ناوهێنانی تایبەتی کەسێ یان ئەوکەسانەی بەکارەکە هەڵساون· کتێبەکە، پێکهاتووە لەپێشەکییەک، کە (خەلیل حاوی) ژیانی خۆی بەکورت وپوختی بۆ دکتۆر (ساسین عەساف) یاداشت کردووە، ئەوکاتەی کە لای ئەو قوتابی بووە، لەگەڵ (٢٨) نامە و (٢) شیعردا، لەتێبینیەکدا کە لەسەرەتای کتێبەکەدا هاتووە: (سەرجەم نامەکان بێ ناونیشانن، ئەم دەزگایە خۆیان ناونیشانیان بۆ هەڵبژاردوون، تەنیا دوو شیعرەکە نەبێت).

لە (١٩٢٥/١/١)، لە شوێر لوبنان لەدایک بووە.

لە ساڵی (١٩٥٥)، ماستەری وەرگرتووە و ناونیشانی نامەکەی (عەقڵ و ئیمان لەنێوان غەزالی و ئیبن ڕوشددا) بووە. ساڵی (١٩٥٩)، لەزانکۆی کیمبرج دکتۆرای وەرگرتووە، ناونیشانی نامەی دکتۆراکەی (جوبران خەلیل جوبران، چوارچێوەی ژیاریی.. کەسێتی وپاشماوەکانی)، تاپلەی پرۆفیسۆر خوێندویەتی. ساڵی ١٩٨٢، کورسی (مارگرێت وایرهاوزر) و (جیمس جیوبت) ی پێبەخشراوە.

لە (٥ -٦ -١٩٨٢)، وەکو نارەزایی دەربرێنێک بەرامبەر داگیرکردنی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە، لەماڵەکەی خۆیدا، خۆی کوشتووە. کتێبە شیعرییەکانی: (دەریای خۆڵەمێش ١٩٥٧) (شمشاڵ و با ١٩٦١ ) (کۆردەرەکانی برسێتیی ١٩٦٤) (هەورە برووسکەی زامدار ١٩٧٠) ( لعازر..١٩٠) ئەم دەزگایە، بە لەچاپدان وبڵاوکردنەوەی نامەکانی ئەم شاعیرە پڕ کێشەیەدا، کارێکی گرنگیان ئەنجام داوە، هەرکەسێ ئەم نامانە بخوێنێتەوە، خۆکوشتنی ئەم شاعیرە سەرسامی ناکات، چونکە شاعیر کەسێک بووە، هەمیشە لەچەقی گەردەلوولی کێشەکاندا بووە، بەهەڕلایەکدا نامەکان دەخوێنیتەوە، یاداشتی کەسێ، شاعیرێ دەخوێنیتەوە، کە لەبەردەم کۆمەڵێ کێشەدایە، بەتایبەتی لەدوا نامەدا کە بەو ناونیشانەیە (خۆکوشتن وەک سەرەتایەک):

نامەکە، بەکردنەوە و ئازادکردنی کەناڵی (سوێسی میسری دەست پێدەکات، (کەئەمەش نەک هەر هێمای ڕابوونێکی نەتەوەیی، بەڵکو چەقی هەموو کێشەکانی عەرەبە) ودواتر بەزۆر بابەتی هەستیاریی فکری وشیعری ونەتەوەیی تردا تێپەڕ دەبێ، زۆر برگەش ئاماژەن بۆ گەلێ شتی شاراوە و خودیی کە بۆ

خوێندنەوەی کەسی (خەلیل حاوی) و ئەو قەیرانە ڕۆحی و ئەوینە تەنیاییانەی کە شاعیر، بەر لەخۆکوشتنی پیا تێپەڕیوە، زۆر خاڵی تاریک ڕوون دەکەنەوە..! بەلایەکیتردا، نامەکان ئاوێنەیەکی ڕاستگۆی ژیانی سەیری (حاوی)ن، چونکە زۆربەی نامەکان بۆ ژنێک نووسراون، نامەگەلێکی بارگاوین لەپیاوێکی ( تەنیا و هەلا هەلا و هەندێ جار لاواز) یشەوە، بۆ ژنێ یان ژنگەلێکی هۆشیار ڕەوانە کراون، (هیچ شتێ، قەرەبووی دووری تۆم بۆ ناکاتەوە، هیچ شتێ..!)، بەڵام خاڵیش نین لە جموجۆڵی هەرزەکارانە، ئێشی گران و بێئامانی عاشقێکی ڕەشبین و بێهیوا، ئازاری نەتەوەیی و نیگەرانی شاعیرێکی داهێنەر...!

## (خەلیل حاوی) پیاوێکە لە چەقی ئازارەکاندایە:

کەسێ ئاگای لەو ڕۆژانەی خەلیل حاوی نەبووبێ و تەنیا لەم نامانەوە بیناسێ، درەنگێ هەست بەو دووفاقیە هزریە دەکات، چونکە خوێنەر لەنامەکاندا (دۆن جوان) ێ دەبینێ، زیاتر لەوەی کە شاعیرێ دەخوێنێتەوە، شاعیرێک کە لەئەنجامدا، وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی دەبێتە قوربانیی کێشەیەکی نەتەوەیی ئاڵۆز، کە داگیرکردنی لوبنانە لەلایەن ئیسرائیلەوە. لەنامەیەکیدا کەبەناونیشانی (نەزۆکیی)ە، لەخوێندنەوەیدا خوێنەر هەست دەکات، کە ئەم نامەیە کەسێک نووسیویەتی بەکەنارەکانی ڕووخانەوەیە، نامەی پیاوێکی دەستشتووە لەزۆر بەها و ئیلتیزام، پیاوێکە کەگرانە لەکۆتاییدا وەکو پاڵەوانێکی نەتەوەیی خۆ نمایشبکات... و دەشیکات....!..

## ئەمەش دەقی ئەونامەیەیە:

(ئەوەی کەلەنامەیەکتدا بۆیان باسکردووی، ڕاستی هەموو ڕاستیەکانە، چونکە من ئێستا و پێش ئەوەی پیرتربم، هەست بە نا ئومێدییەکی تەواو، بەڕەشبینییەک دەکەم، کە گاڵتەی بە هەموو هەوڵێک دێ.. لەو دیو ئەو ڕەنگدانەوە خەڵەتێنەرەوە بەیارێکی نەزۆک دەردەکەوێ..دەکرێ دوو هەفتە مۆڵەتم بەیت وئەو ماوەیە بمبووری لەنەنووسینی نامە، بەمەرجێ تۆ هەمیشە نامەم بۆ بنووسی، لەبارەی ئەڤین و لەبارەی سەرخۆشبوون، لەبارەی یادگارییەوە بنووسە، نامەم بۆ بنووسە و لەوێ لەلوبنان، چی ئارەزوو دەکەیت ئەنجامیبدە، خۆشەویستی بکە، شووبکە، سەرخۆش بە.. بەڵام درۆ لەگەڵ مندا بکەو منیش ئامادەم بڕوات پێبکەم، من بەقەیرانێکدا تێدەپەڕم، قەیرانێک کە واملێدەکات، خۆ بەگوریسی وەهمدا هەڵدەواسم، دەی کەواتە، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، بەسەر ئەم گوریسەوە بمهێڵەوە، تۆ ئێستا دەتوانی شەنگترین و ئاسانترین تۆڵەم لێبکەیتەوە، ئەویش بەوەی، کە واز بێنی لەنامە نووسین و نامەم بۆ نەنێری، کە بێبەشمکەی لە دوا گوریس، کە دەستم پێوە گرتووە..)

من چاوەڕوانی نامەکانی تۆم

خەلیل

١٩٥٦/١٠/٢٣

زۆرجاران و لەزۆربەی نامەکاندا، ناوێک، یان خەتێک یان بڕگەیەک یان زیاتری لێسڕاوەتەوە، یان بە بەتاڵی هێڵراوەتەوە، زۆرجاریش ئەم سڕینەوانە لەهەندێ جێگەی زۆر هەستیاردان، کە بەتەواوی کار لەخوێندنەوەی نامەکان دەکەن، لەکۆتایی نامەیەکدا دەنووسێ : لەڕاستیدا دەستم ماندوو بوو لەهەڵگرتنی قەڵەم وفێڵی وشەکان، وشەکان پەنجەرەیەکن کە گەنجینەکانی ناخیان لەکیس دەچێ وتەنها سەدەفە سەرئاوکەوتووەکان دەبینن. لەبیۆگرافیای شاعیر.. ونامەکانیشدا، زیاتر نامۆیی لەم ڕەهەندانەوە دەردەکەوێ:

## ڕەهەندی نەتەوەیی:

ئەم شاعیرە تاسنوورێکی زۆر نەتەوەیی بووە، بەڵام لەگەڵ هیچ گروپێکی نەتەوەییدا ڕێکنەکەوتووە، لەپانزە ساڵیدا دەخزێتە ڕیزەکانی پارتی نەتەوەیی سورییەوە، (هەمان ئەو پارتەی کەلەبەرواری جیاجیادا، هەریەک لە ئەدۆنیس ومحەمەد ماغوتیش پەیوەندییان پێوە هەبووە.. چیایی)، پاش هەستکردن بەعەدەمیەتێکی زۆر، دووبارە بۆ دۆزینەوەی بەهای شارستانی عەرەبی دەڵێ : زانیم کە پارتی نەتەوەیی هەڵەیەکی گەورەی کردووە، کاتێ بانگەشەی ئەوەی کردووە کەبەناوی سوریا و شارستانی سوریاوە، تەنها هیلال خەسیب بگرێتەوە، ئەوەشم دەزانی کە بانگەشە بۆ یەکێتییەکی ئاوا، هەر دەبێ بەناوی عەرەبییەوە بێت، چونکە ئەوە سیمایەکی سەرەکییە، کە کەلەپووری ئەم ناوچەیە پێکدێنێ، ئا لەو کەشەدا ئاگری کێشەیەک بەرپا دەبێ لەنێوان دوو بەرەدا، بەرەی یەکەم، کە لەلایەن من (خەلیل حاوی) و دوکتۆر یوسف ئیدریس لە گۆڤاری (ئاداب) و، بەرەکەی تریش لەلایەن یوسفلخال وئەدۆنیس لەگۆڤاری شیعرەوە خۆش دەکرا، بەرەی دووەم دەیویست، لوبنان لەنەژادی عەرەبی دابڕێ ، کێشەکەش بە زاڵبوونی بەرەی یەکەم کۆتایی هات،

لەچاندنی شارستانێتی عەرەب لەدەروون و نووسینی عەرەب ومەسیحی لوبنانیدا. لەجێگایەکیتردا، هەر لەوبارەیەوە دەڵێ: ئەو هەستەش ڕەد دەکەمەوە کە ڕابوونی عەرەبی باسی لێوە دەکات، هەروەکو ئەوەی بانگەشەیەکی ڕەسەنی هەڵقووڵاوی دەروونی موسوڵمانەکان بێت..! هەندێجگار زۆر تووڕە دەبووم لە هەندێ ڕۆشنبیری ئیسلام، کە وایاندەزانی، ئیسلامێتی ئەوان وایان لێدەکات، کەلە عەرەبیدا ڕەسەنتر بن..)

## ڕەهەندی خۆشەویستی:

دەڵێ: (چەنەبازیی ژنانەی کۆمەڵگەی بەیروتی، پەیوەندی نێوان دووکەسی تێکدا، پەیوەندی نێوان منو چیرۆکنووس (دیزیلئەمیر) ئەوەی کە من کیتابی جوبرانم پێبەخشی، بۆ ئەو دەستەی کە لەشەوانی گومان و داهێناندا، دەستی گرتم و هەر ئەویش یاوەرم بوو تا کیمبردج). دەربارەی ئەزموونی (کیمبردج) لەڕووی سۆزدارییەوە دەنووسێ: بەو ژنە نەگەیشتووم کەهاوڕێیەکم بێت، هەموو لایەنەکانی دەروون و ئارەزووەکانم لەڕووی فکر و هەست وشعرەوە پڕ بکاتەوە، ژن بەشێوەیەکی ئەفسووناوی کێشم دەکات، بێئەوەی بەتەواوی بەدەنگیەوە بچم، ئەو پەیوەندییانەی هەمبووە، پەیوەندی هاوڕێیانەی خەبات وململانێ بوون، زیاتر لەوەی پەیوەندی پیاوێک بێت بەژنێکەوە تا سنووری تێکەڵبوونی تەواو، لەو ڕووەوە هەستم بە تێکشکانی تەواو دەکرد، گرنگییەکی تەواوم بەم بابەتە نەدەدا، هەستێکی شاراوە بوو لەناخمەوە، شیعر ئەوە دەخوازێ لەشاعیر، کە ژیان بەتەنیا لەسەر ئەو بووەستێنێ (ڕاگرێ )، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی کەشیعرێکی مولتەزم بێ بەشۆڕش و ڕابوونێکی شارستانی تەواوەوە، هەر لەباسی پەیوەندی ڕۆشنبیری/ هەستیاری لەگەڵ ژنی خۆر ئاواییدا دەنووسێ: شیعر بەتەواوی داگیری کردووم، نزیکترین ئافرەت لەمنەوە بە زنجیرەی دەیەم دێت لەدوای شیعرەوە، جۆرە قەرەبوو کردنێک هەبوو لەجیاوازی هاوڕێیەتیدا..

## ڕەهەندی شیعریی:

لەلایەکەوە دژ بەبیری چەقبەستووی شیعری عەرەبی ئەوکات بووە و لەلایەکی تریشەوە پێناچێ لەگەڵ ناوە دیارەکانی شیعری ئەو سەردەمانەدا کۆک بووبێ:

(خوێندنەوەکانم، پەیوەندییەکی زۆر قووڵیان بەشارستانی جیهانی پێش ئەفلاتۆنەوە هەبوو، تا دەگاتە دوا پێشکەوتنەکانی فکری تازە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو نەوازشە بوو کەخەڵک لەبواری ڕۆشنبیری ئەدەبەوە دەیاننواند، بیرکردنەوەی باوی ئەوکاتە ئەوەبوو: کە بیرکردنەوەی فەلسەفییانە، ئەدەب و بەتایبەتیش شیعر تێکدەدات، ڕەنگە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە دیدی شیعری قووڵتر کردمەوە بێئەوەی پاشماوەیەکی فکری لەسەر جێهێڵابێ، ئەو فکرەی ڕاپۆرتێک بسەپێنێ یان وەڵامی پەندێکی پێشینان بداتەوە).

لەزۆرجێگەدا، بەشانازییەوە باسی لەنەژادی خۆی و شوێریەکان دەکات، ئەگەرچی ئاواشیان پێناسە دەکات: (شوێر لەهەموو گوندەکانی لوبنان کەمتر دەمارگیری تائیفی تیایە)، یان لەجێگەیەکیتردا دەڵێ: (باپیرانم ملکەچ نەبوون بۆ دەرەبەگ و پیشەی وەستایی، دروستکردنی خانوویان دەکرد و هەموو لوبنانی و سورییەک شانازی بەوەوە دەکرد، کە خانووەکەی دەستکردی شوێری بێت). زۆرجار هەژاری ونەبوونی ناچاری کردووە بپرسێ: (چی وای لەباوکم کرد، ژن بێنێ و من لەدایکببم..؟)، یان: (لەو دەمانەدا پێش نووستن، هەوڵمدەدا بە بێئەوەی نوێژ بکەم، بیر لەسروشتی خودا بکەمەوە، وەکو هەموو منداڵان، خودام بەپیرەمێردێکی ڕیش درێژی نێوان برۆکانی ئاڵۆسکا وو ترسناک دەهاتە پێشچاو، ڕەنگە لەم تێڕامانە منداڵانەدا، تێڕوانینێکی پێشوەخت هەبووبێ لەسروشتی نەمریی وئەبەدیدا، ئەوەش مەودایەکە مەزنەکردنی گرانبوو، هەر بۆیەش هەر کاتێبێ، کۆتایی زەمەنم بە بیردا هاتبێ، هەستم بەشتێکی وەکو هەورەبرووسکە کردووە.

لەکۆتاییدا، ئاوا گوزارشت لەمانەش دەکات:

**باوک:** جۆرە پێشکەوتنێکی سروشتی تیابوو، کە لە هەڵس و کەوتە گشتییەکانەوە دەردەکەوت، بەتایبەتیش لە پەروەردەکردنی ئێمەدا، چونکە، ئەو هەمیشە بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری ئێمە لە ڕوودانی هەر هەڵەیەکدا، لێدان وسەرزەنشتی توند وتیژی ڕەد دەکردەوە، مامەڵەیەکی زۆر نەرمونیانی دەکردین، نەرمونیانیی باوکێکی بەهێز.

**دایک:** توانای ئەو لە ئیش وکاردا لەکەلەپووری شوێرییەوە هەڵقووڵابوو، ئەو تا بەتەواوی گەورەش بوو، ئەوەی ڕەد دەکردەوە کە خزمەتکارێکی ژنی هەبێت.

خوێندنەوەکانی سەرەتا، جوبران، هەڵبژاردە باوەکانی عەرەب، ئەدەبی تازە بەتایبەتیش ئەدەبی تاراوگە، هەمیشە هەوڵمداوە زەوقی تاکەکەسیی زاڵنەکەم بەسەر ڕۆشنبیری گشتیدا، ئەدەبی ئەورووپی بەگشتی وبەتایبەتی ئەدەبی ئەڵمانی، کە لەوەرگێڕانی ئینگلیزی وفەرەنسییەوە دەمخوێندنەوە، بەلای منەوە شیعری ڕۆژئاوایی بەگشتی، بەئەورووپی وئەمریکی وسۆشیالیستیشەوە، هەندێ کامڵبوونیان دەوێ.